علی خان

# ئادابەکانی ئیعتیکافکردن

## لە ژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتدا

نوسینەوەی:

عبدالله عبدالرحمن

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاه والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد.**

**قال تعالى: ﴿وَعَهِدْنَا إِلَي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾** [البقرة:١٢٥].

**برای موسڵمان:** مانگی ڕەمەزان مانگێکی پیرۆزە، موسڵمانان دەبێت لەم مانگە پیرۆزەدا کارێك بکەن خوای پەروەردگار لە خۆیان ڕازی بکەن، یەکێك لەو عیبادەتانە کە لەم مانگە پیرۆزەدا دەکرێت: عتیکاف ومانەوە لە ماڵەکانی خوای پەروەردگار.

**برای موسڵمانم!** وریای نیەتت بە، دەبێ نیەتت تەنها ڕەزامەندی خوا بێ، ولەسەر سوننەتی پەیامبەر ﷺ بێت، ئەوکاتە وەرگیراو دەبێت.

**برای خۆم!** سوربە لەسەر زۆر عیبادەتکردن لەم دە شەو وڕۆژەدا، وەکو یادی خواکردن ونوێژ وقورئان خوێندن وعیبادەتەکانی تریش.

ودەبێت حورمەتی ماڵی خوا بگریت" وەك دەنگ تێدا بەرز نەکردنەوە وهەر شتێکی تر کە بێڕێزیکردنە وگونجاو نیە بۆ ئەو شوێنە پیرۆزە.

وبەردەوام خۆت بڕازێنەوە، وخۆت بۆنخۆش بکە، چونکە هەم سوننەتە، هەم فریشتەکان پێیان خۆشە، هەم موسڵمانان، وپێشی بێزار نابن.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: **﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾** [الأعراف:٣١].

واتە: ((ئەی خەڵکینە لە کاتی نوێژدا لە حاڵەتی پاك وخاوێنی وجوانیدا بن)).

عبدالله عبدالرحمن

## واتای «الإعتكاف»:

«الإعتكاف» له زماندا واته: پەیوەست «لزوم» بون به شتێکەوه وخۆ بەستنەوه پێی. وەك پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿فَأَتَوْا عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَهُمْ﴾ [الأعراف:٣٨]. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿قَالُوا لَنْ نَبْرَحَ عَلَيْهِ عَاكِفِينَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَى﴾ [طه:٩١]. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ﴾ [طه:٩١].

له شەرعیشدا: «بریتیه له مانەوه له مزگەوت لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوه به شێوەیەکی دیاریکراو بۆ پەرستشی خوای گەوره».

## حوکمی مانەوه له مزگەوت «الإعتكاف»:

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کارێکی شەرعیه. وکۆکیشن که سوننەته وواجب نیه[1]. بەڵگەکانیش لەسەری دێن -به ویستی خوا-.

## حیکمەت وسودەکانی ئیعتکاف:

ئیبن قەیمی جەوزی دەفەرموێت: «جا لەبەر ئەوەی باشبونی دڵ له رێگەی بەرەو خواچونی وەستاوه لەسەر: کۆ بونی لەسەر خوا وپەرتەوازه نەبونی وتەنها وتەواوەتی ڕو له خوا بونی، لەبەر ئەمه ئیعتکاف دانراوه، که مەبەست وڕوحی ئیعتیکاف: دڵ پەیوەست بونه به خوا وپەرتەوازه نەبونێتی

(١) بڕوانه: المجموع (٦/٤٠٤)، والمغني (٤/٤٥٦)، وشرح العمدة (٢/٧١١). وقال ابن المنذر في كتابه «الإجماع» (ص٥٣): «وأجمعوا على أن الاعتكاف سنة لا يجب على الناس فرضا إلا أن يوجبه المرء على نفسه نذرا فيجب عليه» اهـ.

لەسەر خوا، وتەنها بونە لەگەڵیدا، ودور کەوتنەوە لە سەرقاڵی بە خەڵکەوە وسەرقاڵبون بە خواوە بە تەنها، بەڕادەیەك یادی خوا وڕو کردنە وی جێی خەم وختورەی بگرێتەوە، وای لێبێت باڵ بکێشێ بەسەریدا، وخەم وختورەی لەبارەی خوا، وبیرکردنەوە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وی وچی لەوت نزیك دەکاتەوە بێت، تا وای لێدێت ئاسودە بون بەخوا جێی ئاسودە بون بە خەڵکی بۆ بگرێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئاسودەبون لە ڕۆژی نا ئاسودەیی قەبر، کە کەس نیە ئاسودە وخۆشحاڵی بکات جگە لە خوای پەروەردگار. ئەمە مەبەستی هەرە گەورەترینی ئیعتیکافە.

## بۆچی لەگەڵ ڕۆژودا باسکراوە

**یەکەم:** باسکردنی ڕۆژو بە گشتی، باسی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانیش دەگرێتەوە، ئەو مانگەی سوننەتترە ئیعتیکافی تێدا بکەیت، چونکە شەوی قەدری تێدایە.

**دووەم:** زانایان کۆکن لەسەر شەرعی بونی ڕۆژوگرتن لەگەڵ ئیعتیکاف، چونکە لە تەواو دورکەوتنەوە لە شتە دونیاییەکان ڕۆژو گرتنە.

بەڵام حەنەفیەکان ومالکیەکان دەڵێن: بە ڕۆژوبون مەرجە بۆ ئیعتکاف.

وسەنعانی بەوە وەڵامیان دەداتەوە کە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە ئەوە نەبێت لە پەیامبەرەوە هاتوە ئیعتیکافی نەکردوە مەگەر بە ڕۆژو بوە.

وتەنها کردەوەی پەتی نابێتە بەڵگە لەسەر مەرجێتی، ئەمە سەرباری ئەوەی پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓاٰلِهِۦوَسَلَّمَ لە شەوال ئیعتکافی کردوە ولێوە نەهاتوە لەو ڕۆژانەدا بە ڕۆژو بوبێ.

سەبارەت بە ئەسەرەکەی عائیشە کە ئەڵێ: «**السُّنَّةُ عَلَى الْمُعْتَكِفِ أَنْ لاَ يَعُودَ مَرِيضًا وَلاَ يَشْهَدَ جَنَازَةً وَلاَ يَمَسَّ امْرَأَةً وَلاَ يُبَاشِرَهَا وَلاَ يَخْرُجَ لِحَاجَةٍ إِلاَّ لِمَا لاَ بُدَّ مِنْهُ وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ بِصَوْمٍ وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ فِى مَسْجِدٍ جَامِعٍ**». بە مەرفوعی، سەحیح نیە، تەنها مەوقوفە لەسەر خۆی. ولە هاوەڵانی ترەوە پێچەوانەکەی هاتوە. پاشان لە ئەسەرەکە ئەڵێ: دروستە لە مزگەوتێك جومعەی تێدا بکرێت، ئایا ئەوان وا دەڵێن؟

هەروەها حەدیسی: «**لا اعتكاف إلا بصيام**» سەحیح نیە.

بەڵام بەهۆی ئەو ئاسارە زۆرەی لە سەلەفەوە هاتوە[1] ڕۆژگرتن باشترە.

**فەرموودەی دو سەد وسێ «٢٠٣»**

**عَنْ عَائِشَةَ** رَضِيَٱللَّهُعَنۡهَا: «**أَنَّ رَسُولَ اللهِ** صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓاٰلِهِۦوَسَلَّمَ **كَانَ يَعْتَكِفُ فِي الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، حَتَّى تَوَفَّاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ. ثُمَّ اعْتَكَفَ أَزْوَاجُهُ بَعْدَهُ**».

---

(١) بڕوانە: المصنف لعبدالرزاق، ئاسارێکی زۆری تێدایە. وەك: ٨٠٣٣، ٨٠٣٤، ٨٠٣٥، ٨٠٣٦، ٨٠٣٧، ٨٠٣٨، ٨٠٣٩، ٨٠٤١، ٨٠٥٤، ٩٦١٩، ٩٦٢٠، ٩٦٢١، ٩٦٢٢، ٩٦٢٣، ٩٦٢٤، ٩٦٢٥، ٩٦٢٦، ٩٦٢٧، ٩٦٢٨، ٩٦٢٩، ٩٦٣٠.

وَفِي لَفْظٍ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ يَعْتَكِفُ فِي كُلِّ رَمَضَانَ. فَإِذَا صَلَّى الْغَدَاةَ جَاءَ مَكَانَهُ الَّذِي اعْتَكَفَ فِيهِ».

واتە: «پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ لە دەی کۆتایی ڕەمەزاندا ئیعتکافی دەکرد هەتا وەفاتی کرد، پاشان خێزانەکانیشی لە دوای ئەو ئیعتکافیان دەکرد».

لە لەفزێکی تردا: «پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ لە هەمو ڕەمەزانێکدا ئیعتیکافی دەکرد، کە نوێژی بەیانی بکردایە ئەچوە ئەو شوێنەی ئیعتکافی تێدا دەکرد».

ئەمەشی دەکرد بە ئومێدی بەرکەوتنی شەوی قەدر، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت لەو دە شەوە دایە

**ئەو سودانەی لەم فەرمودەوە ڕون دەبێتەوە:**

١. دروستێتی ئیعتیکافکردن، لەو سوننەتانەی پەیامبەری خوایە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ کە سور بوە لەسەری.

هەروەها بەڵگەش لە قورئاندا: ﴿وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّي وَعَهِدْنَا إِلَيَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾ [البقرة:١٢٥]. واتە: «ووەحیمان نارد بۆ ئیبراهیم وئیسماعیلی کوڕی: کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە لە هەمو پیسیەك بۆ ئەوانەی پەرستشی تێدا دەکەن بە تەوافکردن وئیعتکافکردن ونوێژکردن»

٢. **سود وبەروبومەکەی:** بریتیە لە پچڕاندنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دونیا وسەرقاڵیەکانی ، وتەنها بکەوێت لەگەڵ خوادا وچێژ لە پاڕانەوە لێی ببینێت، وکۆبونی دەرون وختورە وفکری خۆی لەسەر خوا وعیبادەتکردنی.

٣. ئیعتیکافی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ -لە دواییدا- لەسەر دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان چەسپا، چونکە ئومێد دەکرێت شەوی قەدری تێدا بێ.

بەڵام لە بوخاریدا هاتوە، ئەبو هورەیرەیە ئەفەرموێ: «**كَانَ رَسُولُ اللَّهِ** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **يَعْتَكِفُ فِي كُل رَمَضَانٍ عَشْرَةَ أَيَّامٍ، فَلَمَّا كَانَ العَامُ الذِي قُبِضَ فِيهِ اعْتَكَفَ عِشْرِينَ يَوماً**».

زاهیری حەدیسەکە ئەوەیە: بیست ڕۆژی ڕەمەزان ئیعتیکافی کردوە، ئەمەش دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی جبریل دوجار قورئانی عەرز کردوە ئەو ساڵە، یان هۆکارەکەی -والله أعلم- ئەوەبوە ساڵی پێشو لەسەفەر بوە وئیعتکافی نەکردوە، بۆیە لە ڕەمەزان قەزای کردۆتەوە[1] وەك ئوبەی کوڕی کەعب ئەڵێ[2]: «**كان يعتكف في العشر الأواخر من رمضان فسافر سنة فلم يعتكف، فلما كان العام المقبل اعتكف عشرين يومًا**».

---

(١) بڕوانە: فتح الباري حديث: ٤٩٩٨ .

(٢) مسند أحمد (٥/١٤١)، وسنن أبي داود (٢/٣٣١)، وسنن ابن ماجه (١/٥٦٢)، والسنن الكبرى للنسائي (٢/٢٥٩، ٢٧٠)، وصحيح ابن خزيمة (٣/٣٤٦)، وصحيح ابن حبان (٥/٢٦٨)، والمستدرك للحاكم (١/٤٣٩)، والسنن الكبرى للبيهقي (٤/٣١٤).

هەروەها ئەنەس ئەڵێ[1]: «**كان النبي صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ آلِهِ وَسَلَّمَ يعتكف في العشر الأواخر من رمضان، فسافر عامًا، فلم يعتكف، فاعتكف في العام المقبل عشرين ليلة**».

٤. ئیعتیكاف سوننەتێكی بەردەوامە ونەسخ نەبۆتەوە.

٥. **كاتی ڕۆشتنە ناو شوێنی ئیعتكافەوە** دوای نوێژی بەیانیە. ئەمەش ڕای ئەوزاعی وسەوری ولەیس ولەم سەردەمەش آل بەسسام وئیبن باز وئەلبانیە.

بەڵام جمهوری زانایان «حەنەفی ومالكی وشافعی وحەنبەلی» یەكان دەڵێن: پێش خۆرئاوابون لە شەوی بیست ویەك دەڕواتە شوێنی مانەوەكەی. وئەم بۆچونەش ئیحتیاتی زیاتری تێدایە.

سەبارەت بە حەدیسەكەی عائیشە مەبەست ئەوەیە ئەو كاتە چوەتە ناو چادرەكەیەوە ودەستی بە عیبادەت كردوە، نەك ئەو كاتە نیەتی هێنا بێت.

**سەبارەت بە كاتی كۆتایی هاتن:** لەگەڵ خۆرئاوابونی كۆتا ڕۆژی ڕەمەزان دێتە دەرەوە، ئەمەش بەوە دەبێت: ڕون ببێتەوە كە سبەی جەژنە.

---

(١) سنن الترمذي (١٦٦/٣)، وصحيح ابن خزيمة (٣٤٦/٣)، وصحيح ابن حبان (٢٦٨/٥). وقد قال الشيخ المعلمي معللاً عدم إخراج مسلم لهذا الحديث في «صحيحه» الذي هو من طريق أبي رافع: «لم يخرجه مسلم رحمه الله في الصحيح، وذلك يدل على توقف له فيه لأنه ليس هناك طريق أخرى صحيحة يوردها ويجعل هذه متابعة لها، والحديث في حكم وسنة، وقد أنصف بذلك».

ئەگەریش حەزی کرد بمێنێتەوە تا نوێژی جەژن وپاشان بگەڕێتەوە، ئەوە هیچی تیدا نیە وهەندێك لە سەلەف وایان کردوە.

وقال النووي في «المجموع» (٣٢٣/٦): «قَالَ الشَّافِعِيُّ وَالأَصْحَابُ: وَمَنْ أَرَادَ الاقْتِدَاءَ بِالنَّبِيِّ ﷺ فِي الاعْتِكَافِ فِي الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ فَيَنْبَغِي أَنْ يَدْخُلَ الْمَسْجِدَ قَبْلَ غُرُوبِ الشَّمْسِ لَيْلَةَ الْحَادِي وَالْعِشْرِينَ مِنْهُ، لِكَيْ لا يَفُوتَهُ شَيْءٌ مِنْهُ، ويَخْرُجُ بَعْدَ غُرُوبِ الشَّمْسِ لَيْلَةَ الْعِيدِ، سَوَاءٌ تَمَّ الشَّهْرُ أَوْ نَقَصَ، وَالأَفْضَلُ أَنْ يَمْكُثَ لَيْلَةَ الْعِيدِ فِي الْمَسْجِدِ حَتَّى يُصَلِّيَ فِيهِ صَلَاةَ الْعِيدِ، أَوْ يَخْرُجَ مِنْهُ إِلَى الْمُصَلَّى لِصَلاةِ الْعِيدِ إِنْ صَلُّوهَا فِي الْمُصَلَّى» اهـ.

٦ـ هیچی تێدا نیە کەسەکە شوێنێك لە مزگەوتەکە تەرخان بکات بۆ تێدا تەنیا کەوتن، ئەگەر شوێن لە نوێژ خوێنان تەسك نەکات.

لەبەر ئەو فەرمودەیەی بوخاری (٢٠٣٣) وموسلیم (١١٧٣) دەیگێڕنەوە لە عائیشەوە کە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بیویستایە ئیعتکاف بکات فەرمانی دەکرد خێمەیەکی بۆ هەڵبدرێت لە مزگەوتدا، ئەوانیش بۆیان هەڵدەدا. بوخاریش بابێك لە کتێبە سەحیحەکەیدا ناو دەنێت بەناوی: «باب الأخبية في المسجد».

٧. لە واتای ئیعتکافەوە، ولە مەبەستەکەیشیەوە ئەوە وەردەگرین کە ئەبێت کەسەکە، دوربکەوێتەوە لە:

- جوتبون وپێشەکیەکانی. بەڵگەش لەسەر ئەمە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة:١٨٧]. واتە: «وجوت مەبن لەگەڵ خێزانەکانتاندا وپێشەکیەکانیشی مەکەن لەکاتێکدا لە مزگەوتەکاندا ئیعتکافتان کردوە». ئەگەریش ئەمەی کرد پوچ دەبێتەوە.

- دەرچون لەشوێنی مانەوەی مەگەر بۆ پێویستی. ئەگەرنا پوچ دەبێتەوە.

- ودور کەوتنەوە لە کارەکانی دونیا، وەك کڕین وفرۆشتن، وسەنعەتکاری وهاوشێوەکانی.

- وکەم تێکەڵاوی خەڵك بکات مەگەر بۆ زیکر وقورئان خوێندن، چونکە ئەمانە دژی ئیعتیکافە.

٨. لە مەرجی ئیعتیکاف ئەوەیە: ئەبێت لە مزگەوتێك بێت جەماعەتی تێدا بکرێت. لەبەر فەرمایشتی خوای پەروەردگار: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [البقرة:١٨٧]. بۆ ئەوەی ئیعتیکافەکەی سەر نەکێشێت بۆ وازهێنان لە جەماعەتەکانی، یان زۆر دەرچون بۆ جەماعەت.

٩. لەم حەدیسە دەفەرموێ: «پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دە شەو ئیعتکافی کردوە»، ئایا دە شەو کەمتر ئەبێت؟ یان بڵێین: کەمترین ماوە کامەیە کە بتوانرێ ئیعتکافی تێدا بکرێت؟ سەرەتا ئیبن حەجەر ئەڵێ: کۆکن

لەسەر ئەوەی لای زۆەکەی سنوردار نیە[1]، بەڵام خیلافیان هەیە لەلای کەمەکەی. ت.و.

- هەندێك ئەڵێن: دە ڕۆژ کەمتر نابێت، بەڵگەشیان سوننەتە فیعلیەکانی پەیامبەرەوە. وەڵامی ئەمەش فەرمودەی نەزرەکەی عومەرە.

- لای کەمەکەی شەوێکە. بە بەڵگەی فەرمودەی نەزرەکەی عومەر.

- لای کەمەی ڕۆژێکە.

- لای کەمەکەی شەو ورۆژێکە.

- لای کەمەکەی بە مانەوە بەدی دێت بەبێ دیاریکردن، ئەمەش ڕای زۆربەیانە، یانی دەتوانی: نێوان مەغریب وعیشا ئیعتکاف بکەیت.

**فەرمودەی دو سەد وچوار «٢٠٤»**

**عن عائشه** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: «**أَنَّهَا كَانَتْ تُرَجِّلُ النَّبِيَّ** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **وَهِيَ حَائِضٌ، وَهُوَ مُعْتَكِفٌ فِي الْمَسْجِدِ، وَهِيَ فِي حُجْرَتِهَا، يُنَاوِلُهَا رَأْسَهُ**».

واتە: «قژی پەیامبەرم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ شانە دەکرد لە سوڕی مانگانەشدا بوە، پەیامبەریش لە ئیعتیکاف بوە لە مزگەوتدا، وئەمیش لە ژورەکەی خۆی بوە، پەیامبەر ﷺ سەری دەهێنایە ژورەوە بۆلای».

**وفي رواية:** «**وَكَانَ لا يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلاَّ لِحَاجَةِ الإِنْسَانِ**».

---

(١) بڕوانە: فتح الباري (٢٧٢/٤).

له ڕیوایەتێکی تردا: «ونه دەگەڕایەوە ماڵەوە مەگەر بۆ پێویستی «دەست بە ئاو گەیاندن»»».

وفي رواية: أنَ عَائِشَةَ قَالَتْ: «إِني كُنْت لا أَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلاَّ لِلْحَاجَةِ والْمَرِيضُ فِيهِ، فَمَا أَسْأَلُ عَنْهُ إِلاَّ وَأَنَا مَارَّةٌ».

له ڕیوایەتێکی تریشدا: عائیشه ئەڵێ: «من نەدەچومەوە بۆ ماڵ مەگەر بۆ پێویستی «دەست بە ئاو گەیاندن»، جاری وابو لە ڕێگا نەخۆشێکم دەبینی، هەر بە دەم ڕێگاوە هەواڵیم دەپرسی».

## سودەکان:

١. ئیعتیکافکردن ڕێگر نیە لە قژ شانەکردن وخۆشۆردن وجۆرەکانی تری خۆپاکردنەوە. قال الحافظ: «وَفِي الْحَدِيثِ جَوَازُ التَّنَظُّفِ وَالتَّطَيُّبِ وَالْغَسْلِ وَالْحَلْقِ وَالتَّزَيُّنِ إِلْحَاقًا بِالتَّرَجُّلِ، وَالْجُمْهُورُ عَلَى أَنَّهُ لَا يُكْرَهُ فِيهِ إِلَّا مَا يُكْرَهُ فِي الْمَسْجِدِ، وَعَنْ مَالِكٍ تُكْرَهُ فِيهِ الصَّنَائِعُ وَالْحِرَفُ حَتَّى طَلَبُ الْعِلْمِ». الفتح، حديث: (١٩٢٤).

٢. ئافرەت لە سوڕی مانگانە هیچی تێدا نیە دەست بە شتەکانەوە بدا.

٣. ئیعتیکافکردن بەس لە مزگەوتێك دروستە، جەماعەتی تێدا بکرێ.

قال الحافظ: «وَفِي إِخْرَاجِهِ رَأْسَهُ دَلَالَةٌ عَلَى اشْتِرَاطِ الْمَسْجِدِ لِلِاعْتِكَافِ، وَعَلَى أَنَّ مَنْ أَخْرَجَ بَعْضَ بَدَنِهِ مِنْ مَكَانٍ حَلَفَ أَنْ لَا يَخْرُجَ مِنْهُ لَمْ يَحْنَثْ حَتَّى يُخْرِجَ رِجْلَيْهِ وَيَعْتَمِدَ عَلَيْهِمَا». الفتح، حديث: (١٩٢٤).

وقال القرطبي (٢/٣٣٣): «أجمع العلماء على أن الاعتكاف لا يكون إلا في المسجد، لقول الله تعالى: «وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ»».

٤. کەسەکە نابێت دەربچێت لە مزگەوت مەگەر بۆ پێویستی، وەك خواردن وخواردنەوە ودەست بە ئاو گەیاندن.

٥. بەشێك لە لەلاشە دەرکردن لە مزگەوت، بە دەرچون لە مزگەوت هەژمار ناکرێت.

٦. ئافرەتێك لە سوڕی مانگانە بێت، نابێت لە مزگەوت بمێنێتەوە.

٧. ئەگەر چوە دەرەوە بۆ پێویستیەك، دەبێت خێرا بگەڕێتەوە، ونابێت سەرقاڵی کارێکی تری بەدەر لەو کارە بێت کە بۆی حەڵاڵ بوە بەهۆیەوە بڕواتە دەرەوە.

٨. دەستدان لە ئافرەت لە کاتی ئیعتکافدا بەبێ شەهوەت زیانی نیە.

**فەرمودەی دو سەد وپێنج**

**عن عُمَرَ بن الخطاب** ﷺ **قال:** «**قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله إِنِّي كُنْتُ نَذَرْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ أَنْ أَعْتَكِفَ لَيْلَةً —وفي رواية يومًا- فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ؟ قَالَ:** «**فَأَوْفِ بِنَذْرِكَ**»». **ولم يذكر بعض الرواة يومًا ولا ليلةً.**

لە عومەری کوڕی خەتابەوە دەڵێت: «وتم ئەی پەیامبەری خوا من لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم کرد شەوێك —ولە هەندێك ڕوایەتدا: ڕۆژێك- ئیعتیکاف بکەم لە مزگەوتی حەرام؟ فەرموی: نەزرەکەت جێبەجێ بکە». وهەندێك لە ڕیوایەتەکان باسی شەو وڕۆژ ناکەن.

**سودەکان:**

١. واجبە نەزر جێبەجێ بکرێت، ئەگەر لەکاتی بێباوەڕیشدا کرا بێ.

٢. ئەگەر بۆ ئیعتیکافەکەی مزگەوتی حرامی دیاری کرد، فەرزە ئەبێت لەوێ بیکات، وله مزگەوتێکی تر نابێت، بەڵام ئەگەر مزگەوتێکی تری لەو کەمتری دیاریکرد، وله مزگەوتی حەرام بیگرێت لەسەری دەکەوێت، وهەمو مزگەوتێکی فەزڵدار خوار خۆیت لەسەر دەخات.

٣. ئیعتیکاف بە نەزرکردن واجب دەبێت.

٤ـ له فەرمودەکه «شەو» هاتوه و«ڕۆژ»یش هاتوه، وبێ دیاری کردنیش هاتوه، جا ئەوەی ڕیوایەتی شەوەکە وەربگرێت ئەوا ئیعتیکاف دروستە بەبێ ڕۆژوگرتن. وئەوەشی بڵێت: شەو، یان ڕۆژ، شەو وڕۆژ دەگرێتەوە، ئەوا بە مەرجی دەگرێت بۆ ئیعتیکاف بە ڕۆژو ببیت. ئەمانەس وتەی زانایانن وئیحتیات وایه بە ڕۆژو بیت لەگەڵیدا.

## فەرمودەی دو سەد وشەش

**عن صفيه بنت حيي** رَضِيَٱللَّهُعَنۡهَا **قالت:** «**كَانَ رَسُوْل الله** صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓآلِهِوَسَلَّمَ **مُعْتَكِفاً في المَسْجِدِ، فَأَتَيْتُهُ أَزُورَهُ لَيْلاً، فَحَدَّثْتُهُ. ثُمَّ قُمْتُ لأَنْقَلِبَ فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي –وَكَانَ مَسْكَنُهَا فِي بَيْتِ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ–. فَمَرّ رَجُلانِ مِنَ الأَنْصَارِ، فَلَمَّا رأَيَا رَسُوْلَ الله** صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓآلِهِوَسَلَّمَ **أَسْرَعَا في المَشْيِ. فَقَالَ** صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓآلِهِوَسَلَّمَ: «**عَلَى رِسْلِكُمَا، إنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ**». **فَقَالا: سُبْحَانَ الله يَا رَسُولَ الله. فَقَالَ:** «**إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِن ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ وَإِنِّي خِفْتُ أَنْ يَقْذِفَ في قُلُوبِكُمَا شَرّاً (أو قال: شَيْئاً)**».

**وفي رواية:** «**أَنَّهَا جَاءَتْ تَزُورُهُ في اعْتِكَافِهِ فِي الْمَسْجِدِ، فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، فتَحدَّثَتْ عِنْدَهُ سَاعَةً ثُمَّ قَامَتْ تنقلِبُ، فَقَامَ النَّبي**

صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ مَعَهَا يَقْلِبُهَا، حَتَّى إِذَا بَلَغَتْ بَابَ الْمَسْجِدِ عِنْدَ بَابِ أُمِّ سَلَمَة» ثُمَّ ذَكَرَهُ بِمَعْنَاهُ.

واته: «پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لە مزگەوت لە ئیعتیکاف، منیش شەو هاتمە خزمەتی سەردانیم کرد، هەندێ قسەم لەگەڵ کرد، پاشان هەستام بگەڕێمەوە، ئەویش لەگەڵمدا هەستا تا ڕەدم بکات –جا ئەو کاتە ماڵەکەم لە ماڵەکەی ئوسامەی کوڕی زەیدی ئێستا بو-، لەو کاتەدا دو پیاو لە ئەنسار تێپەڕ بون، کە پەیامبەری خوایان بینی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێیان دابەیەکدا وخێرا ڕۆیشتن، ئەویش پێیانی فەرمو: «لەسەر خۆتان! ئەمە سەفیەی کچی حویەیە، وتیان: سبحان الله ئەی پەیامبەری خوا! پەیامبەر ﷺ فەرموی: شەیتان لەلاشەی ئادەمیزاددا وەك خوێن دێت ودەڕوات، ترسام خراپەیەك یان شتێك بخاتە دڵتانەوە».

لە ڕاویەتێکی تردا: «هاتوە سەری لێداوە لە کاتی ئیعتیکافدا لە مزگەوتدا، لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان، ساتێك قسەی لەگەڵ کردوە، پاشان هەستاوە بگەڕێتەوە، پەیامبەریش ﷺ هەستاوە لەگەڵیدا بۆ ئەوەی ڕەدی بکات، کە گەیشتونەتە دەرگای مزگەوتەکە لای دەرگاکەی دایکی سەلەمە» پاشان واتای حەدیسی پێشو دەگێڕێتەوە.

## سودەکان:

١. شەرعیەتی ئیعتیکافکردن، بەتایبەت لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان.

٢. قەسەکردنێکی کەم دژی ئیعتیکافکردن نیە، بە تایبەتی ئەگەر بۆ بەرژەوەندیەك بێت، وەك دڵدانەوەی خێزان.

٣. ڕەوشتجوانی ونەرمی پەیامبەری خوای صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓاٰلِهِۦوَسَلَّمَ تێدایە، کە دڵی داوەتەوە وهەستاوە ڕەدی کردوە بۆ ماڵەوە. جا ئەبێت موسڵمانان خۆیان بڕازێننەوە بەم ئاکارە جوانە نەبەویانە.

٤. ئەوەی تێدایە کە دەبێت مرۆڤ هەر تۆمەتێکی درا پاڵ، لە خۆی دوری بخاتەوە وبیرەوەنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك گومانی خراپی بۆ نەبەن لە کاتێکدا ئەویش لێی بەری بێت، واتە: دەبێت خۆپاریزی بکرێت لەو شتانەی ئەبێتە مایەی تۆمەت.

٥. شەیتان توانا وهێزێکی زۆری هەیە لە فریودان ولە خشتەبردنی ئادەمیزاد، وەکو خوێن لە لاشەیاندا دێت ودەڕوات.

ئیبن دەقیقی عید ئەڵێ: ئەمە زیاتر جەخت لەسەر کراوترە دەرهەق بە زانایان وئەوانەی چاویان لێدەکرێت.

٦. دڵسۆزی پەیامبەری خوای صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓاٰلِهِۦوَسَلَّمَ تێدایە لە ئاست ئومەتەکەی.

دەزانێت ئەم دوپیاوە -زاهیری- هیچ لەدڵیان دروست نەبوە، بەڵام کە دەزانێت شەیتان زۆر فێلبازە، ترسا وەسوەسەیان بە شتێك بۆ دروست بکات ببێتە مایەی تیاچونیان.

٧. هەندێك لە زانایان ئەڵێن: لەمەوە ڕون دەبێتەوە کە دەبێت دادوەر چۆنێتی حوکمدانەکەی ڕون بکاتەوە بۆ تۆمەتبار کە چۆن ئەو حوکمەی بەسەر دراوە، ئەگەر لای شاراوە بو، لەبەر دورخستنەوەی تۆمەت لە خۆی.

٨. دروستە کەسەکە تەنیا بکەوێت لەگەڵ خێزانیدا وقسەی لەگەڵدا بکات، بە مەرجێك نەبێتە مایەی جولاندنی شەهوەتی کە دژی ئیعتیکافە.

٩. ئیبن دەقیقی عید ئەڵێ: فەرمودەکە بەڵگەیە لەسەر هێرشی وەسوەسە وختورەی شەیتان بۆ سەر نەفس، جا هەر کامیان لەو جۆرە بو نەتوانرا ڕەد بکرێتەوە ئەوا لێی ناگیرێت بە بەڵگەی: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَاَ﴾ [البقرة:٢٨٦].

سەنعانی دەڵێ: «وەسوەسەی شەیتان دەدا لە دەرگای دڵ، ئەگەر مرۆڤ لەگەڵیدا ڕۆیشت، ئەوا سەری لە گومانەوە دەردەکات، وئەگەر وەسوەسەکەی بڕی بە زیکر وپەناگرتن بە خوای گەورە ئەوا دەڕوات».